# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانیی

**دەرئەنجامە ڕووپێوەکی نوێ بۆ بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لە عێراق**

***هەولێر، 8 کانونی یەکەم/دیسەمبەر 2022 -***

ئەمڕۆ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاوبەشیی لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)، دەرەنجامی ڕووپێوی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند (MSMEs)ی بۆ کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان ڕاگەیاند کە دەستەی ئاماری هەرێم لە پارێزگاکان جێبەجێی کرد. ڕووپێوەکە دەیان نیشاندەر دابین دەکات بۆ ڕێنوێنیکردنی سیاسەتەکان وستراتیژەکان بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەکانی گوزەرانی بەردەوام، بەتایبەتی لەڕێگەی پەرەپێدانی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند هەروەها دروستکردنی وێنەیەکی گشتگیری تایبەت بە چالاکیەکانی ئابووری.

بە هاوکاری دارایی ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)، رووپێوی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەندی فەرمیی و نافەرمیی جێبەجێ کرا لە هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان: هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆک. پێشتر هەمان رووپێو لە پارێزگاکانی بەغداد، بەسرە و نەینەوا ئەنجامدرا. رووپێوەکە دارێژرا بۆ مەبەستی ئەنجامدانی شیکاریی هەمەلایەن بۆ پەیکەر، ئاراستە، چالاکیی کار، ئاستەنگ و دەرفەتەکانی دامەزراوەی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە بازاڕی کاردا.

هەندێک لە ئەنجامە سەرەکییەکانی رووپێوەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق تیشک دەخەنە سەر نزمیی ئاستی بەشداری ئافرەتان لە خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و

# راگەیاندنی رۆژنامەوانیی

مامناوەند (13%)؛ هەروەها پرسەکانی پەیوەست بە تەمویل و لاوازیی تۆڕبەندیی و کۆمەڵبەندیی دامەزراوەکانی زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند.

دکتۆر دارا رەشید، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختی لە پاڵپشتیکردنی پرۆژەکە کردەوە و سوپاسگوزاری دەربڕی بۆ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) و ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)، بۆ هاوکاریکردنیان لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە لەکاتێکی گونجاو و بەردەوامبوونیان لە پاڵپشتیکردنی پلانی کار بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکانی توێژینەوەکە. بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم جەختی کرد لەسەر بەهێز کردنی کەرتی تایبەت بۆ جۆراوجۆر کردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بۆیە، ئەم رووپێوانە کاریگەریان هەیە لەسەر رێکخستنەوەی پلانەکان بە ئاراستەی زیاتر خزمەت کردنی بواری ئابووری.

بەرێز نیک هاکینس، راویژکاری ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)، جەختی کردەوە لە رۆڵی گرنگی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە دروستکردنی ئابووری خۆجێی. بەرێز هاکینس وتی: "دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند شادەماری ژیانی هەر ئابوورییەکی تەندروستن. هەروەها دەرفەتی بەگەڕنەخراو دابین دەکەن بۆ لاوان و ئافرەتان و توێژە دۆخناسکەکانی دانیشتوان بۆ بەشداریکردن لە بازاڕی کار و بەدیهێنانی گەشەی ئابووری بۆ وڵات و سەقامگیریی درێژخایەن. ئێمە خۆشحاڵین بە هاوبەشیمان لەگەڵ هاوتاکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت

# راگەیاندنی رۆژنامەوانیی

بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی گرنگی چاکسازیی کە دەبنە هۆی گەشەی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند و زیادکردنی رۆڵیان لە ئابووری عێراق".

سەرۆکی دەستەی ئامار لە لایەن خۆیەوە ووتی: ئەنجام دانی رووپێوی دامەزراوە ئابووریەکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بەکار بێ وەک سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی پێکهاتەی ئەو دامەزراوانە ودانانی سیاستەکانی پالپشت لە لایەن وەزارەتەکان بۆ بەشێکی بەرچاوی سێکتەری ئابووری.

نوێنەری نیشتەجێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) لە عێراق وتی: "دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووک، بچووک و مامناوەند لە عێراق رووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە. لەکاتێکدا ئێمە هەوڵ دەدەین ئاکامە کومەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆڤید-19 چارەسەر بکەین، ئەم ڕۆپیوە جارێکی تر تیشک دخاتە سەر بایەخی کەرتی تایبەت لە عێراق بۆ دروستکردنی دەرفەتی بەردەوام و زۆر پێویست، بەتایبەتی بۆ توێژە دۆخناسکەکان. ئەم کارە گرنگە سەرکەوتوو نەدەبوو بەبێ هاوبەشیی بەهێزی وەزارەتی پلاندانان و کۆمەک و بەخشندەیی ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID).

ئەم رووپێوە بەشێکە لە رێکاری کۆمەکی چاکسازیی (مؤسسة التمويل للإصلاح)ی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP) لە عێراق – کە ئامانجی پاڵپشتیکردنی چاکسازی ئابوری بەردەوام و بایەخی تایبەت دەدات بە هەژارانی وڵات و لەلایەن گەلی ئەمریکا بەرێگەی ئاژانسی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)ەوە هاوکاری دارایی کراوە.